# Charmo University

# Fall Semester

# Academic Year: 2024-2025

بابەت :ڕێبازە ئەدەبییەکان

بەشی : کوردی

کۆلێژی: پەروەردە

سمستەری سێ

م.ی نیگار عبدالله کریم قارەمان

# CourseBook

| | |
|---|---|
| **1. Course name** | ڕێبازە ئەدەبییەکان |
| **2. Lecturer in charge** | م.نیگار عبدالله کریم قارەمان |
| **3. Department/ College** | کۆلێژی پەروەردە / بەشی کوردی |
| **4. Contact** | Nigar.abdullah@chu.edu.iq |
| **5. Time (in hours) per week** | **Theory: 3** |
| **6. Office hours** | **Availability of the lecturer to the student during the week** |
| **7. Course code** | |
| **8. TeacherS academic profile** | |
| **9. Keywords** | **ڕێباز، ڕێبازی کلاسیک، بنەماکان، سەرهەڵدان، ڕێبازی ڕۆمانتیک، ڕیالیزم، سوریالیزم** |

**10. Course overview:** پێشەکی و پێناسەی کۆرسەکە

پێشەکییەک دەربارەی ڕێبازە ئەدەبییەکان :

- ڕێبازە ئەوەیە گروپێک لە نووسەران ، کۆمەڵێکی کاریگەر پێکدەهێنن و کۆکن لەسەر چەند بنەمایەک ، پێکەوە ڕێبازی ئەدەبی دێننە کایەوە، سەرەتا لەوڵاتێکەوە سەرچاوە دەگرێت و دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتانی تریش ، هەندێ جار دوو ڕێبازی جیاواز لەقۆناغێکدا پێکەوەدەبینرێن، وەکو ڕۆمانتیک و کلاسیک ،یان سیمبولیزم و ڕیالیزم ، یان نووسەرێک وابەستەی دوو ڕێبازە وەکو (گۆتە) هەم کلاسیک بوو ، هەم ڕۆمانتیک .
- تایبەتمەندییەکانی
  1) هەستپێکردن و چێژوەرگرتن لەڕێبازە جیاوازەکان بەپێی بیرەکانی سەردەم .
  2) گۆڕانکاری لەڕێبازە ئەدەبییەکاندا لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە .
  3) سوودوەرگرتن لە ئەدەبی ڕابردوو، .
  4) بەکارهێنانی تازەگەری لەوشەو زاراوەی کوردیدا بەپێی سەردەم.
  5) پەیوەندی نێوان ڕێبازەکانی پێش و پاش ورد و زانستییە، بەشێوەی کارو کاردانەوە، یان زیادەڕەویی و یەکسانی کاردەکەن، کەڕێبازی ڕۆمانسیزم کاردانەوەیەک بوو لەبەرامبەر کلاسیزمدا، کەهەست و هەڵچوون و (من) ی لەبەرچاو نەدەگرت، و عەقڵ و (ئێمە)ی نیشان دەدا.

سیماکانی ڕێبازە ئەدەبییەکان :

١- لەڕێبازی کلاسیکی ئەورووپی دا، ڕۆمان بوونی نییە، چونکە لەیۆنان و ڕۆماندا (ڕۆمان) نەبووە، لاسایی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانییان دەکردەوە بەشێوەی تراژیدیا و کۆمیدیا، کەڕۆمان پەیدابوو کلاسیزم گۆڕا بۆ

ڕۆمانسیزم .

٢- بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵاوی و ئاوێتەیی نێوان ڕێبازەکان وایکردووە، شاعیران و نووسەرانی کۆتایی ڕێبازێکی ئەدەبی ، کەهاوچەرخی شاعیران و نووسەرانی سەرەتای ڕێبازێکی ترن ، سوود لەتواناداری هەردوو ڕێبازەکە وەردەگرن لەم بارەیەوە نووسەرێک دەڵێت: ئەوە شتێکی ئاڵۆزە بەشێوەیەکی وردی تەواو بڵێین نووسەرانی وەکو بەلزاک، تۆلستۆی، چیخۆف...... ڕۆمانتیکی بوون، یان ڕیالستی چونکە لەبەرهەمەکانیاندا ڕیالیزم و ڕۆمانتیک تێکەڵ کراون ، دەشێ لەبەرهەمێکدا ماکی چەند ڕێبازێک ببینرێت.

٣- بنەماو سەرهەڵدانی هەرڕێبازێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە ، جیایدەکاتەوە لەقۆناغی پێش یان دوای خۆی بۆنموونە: لەقۆناغی ڕۆمانتیک و سوریالیزمیدا شیعرەکانیان لەبەکارهێنانی کێش و سەروادا ئازادبوونە ،کێشی شیعری خۆماڵی بەکارهاتووە، سەروا لەمۆسیقای ناوەوەی شیعردا بەرجەستەبووە، کەبەڕیتمی شیعریش ناودەبرێت، وەکو ئەوەی لای عەبدوڵا پەشێو و عەبدوڵا عباس..... هتد دەبینرێت.

٤- هونەرەکانی ڕەوانبێژی: هونەرەکانیان بەکارهێناوە بەشێوازی ترو دەربڕینی جیاواز لەهی ڕێبازی کلاسیک .وەکو لادانەکان لەشیعردا، جۆرێکن لەهونەری شیعری ڕێبازی ڕۆمانتیک ، ڕیالیزم، سوریالیزم.... هتد .

٥- لەڕێبازەکانی دوای کلاسیکدا ، ژانرەکانی پەخشانەشیعر و پۆستەرەشیعر نۆڤلێت پەرەی پێدراوە ، بە جیاوازتر لەسەردەمی پێشوو.

## 11- Course objective :

## ئامانجی کۆرسەکە :

1) خوێندکار ئاشنا دەکرێت بە چەمک و پێناسەی ڕێبازی ئەدەبی و جۆرەکانی ڕێباز و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان .

2) لە کۆرسەکەدا تیشک دەخرێتەسەر چەند ڕێبازێکی ئەدەبی وەکو: کلاسیک ، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم، سوریالیزم... بەمەبەستی فێرکردنی خوێندکاران .

3) چەند کتێبێک و چەند شاعیر و ڕۆمان نووسیک.... بە خوێندکاران دەناسێنرێت.

4) خوێندکار بەهاوکاری مامۆستا ئەرکی پێدەسپێرێت ، بۆ بەدواداچوون و گەڕان بەدوای ڕێبازەکاندا، ئامانجمان لێرەدا ئەوەیە بزانین فێرخواز چی فێربووە لەو وانانەی بۆی باسکراوە

5) خوێندکار هەست بە گرنگی ڕێبازە ئەدەبییەکان بکات، کە یەکێکە لەبابەتەوردەکانی ئەدەب ، وانەیەکی سەرەکییە لەگشت بەشێکی ئەدەبی وڵاتان دەخوێنرێت، بۆئەوەی خوێندکار ئاشنابکرێت ، بەڕێباز و ڕێچکە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوایی و ڕەنگدانەوە و دەرکەوتنی لەئەدەبی نەتەوەیی کوردیدا.

## 12. Student's obligation بەرپرسیارییەتی خوێندکاران

لێرە مامۆستا بە رپرسیارێتی خوێندکار روونده کاتە وە سە بارە ت بە کۆرسە کە بۆئەزموونکردنی قوتابیان لە وانە کاندا،

- ئامادەبوون لە وانەکان ، پێویستە خوێندکار ئامادەیی هەبێت لەناو هۆڵی خوێندن و بەشداری بکات لەگەڵ مامۆستادا سەبارەت بەوانەکە .

- بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەکانی (رۆژانە و نیوەی کۆرس و کۆتایی کۆرس)
- ئەنجامدانی سیمینارو ئەسایمێنت دەربارەی وانەکە .
- پابەندبوون بە رێساکانی کاتی وانەوتنەوە ، ئاگاداری غیابات بێت
- پەیوەندیکردن بە مامۆستاوە بۆ کاری پێویستی سەبارەت بە بابەتی وانەکان ، لە رێگای هۆکارەبەردەستەکانی پەیوەندیکردنەوە .

13. Forms of teaching شێوازی وانەوتنەوە

- لەم کۆرسەدا شێوازی گفتوگۆ ، باسکردن و پرسیارکردن ، رێگە ی وانەوتنەوەی گونجاو ، بۆ نموونە : داتاشۆ و پاوە رپۆینت ،مەلزەمە. بەکاردەهێنرێن .
- وانەکان بە گشتی بە داتاشۆ شی دەکرێنەوە.
- وانەکان بەشێوەی پاوەر پۆینت و pdf ئامادە دەکرێن و لە گۆگڵ کلاسرووومی وانەکە دادەنرێن.
- بەکارهێنانی تەختەسپی و ماجیک و نیشاندانی وێنە لەسەر بابەتەکە ،لە کاتی پێویستدا.

## 14. Assessment scheme

| Assessment | Description | Weight |
|---|---|---|
| **Quizzes** | - two quizzes during the semester | **10 %** |
| **Class Participation** | - Solving exercises or answering questions. | **10 %** |
| **Assignments** | - Students will take **3** assignments. | **15 %** |
| **Midterm** | - Midterm test | **25 %** |
| **Final Exam** | - The final exam will be designed to cover all lectures. The exam will be close book. | **40 %** |
| **Overall Total** | | **100%** |

15. Student learning outcome: This should not be less than 100 words

دەرئەنجامەکانی فێربوون لای خوێندکار :

1 – خوێندکار لە ئەنجامی خوێندنی ئەم وانەیە شارەزادەبێت لە ڕێبازە ئەدەبییەکان .

2 – ناساندنی بەشەکانی ڕێبازی ئەدەبی ئەوروپی و کاریگەری لەسەر ئەدەبی کوردی ......، کە ڕۆڵیان لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا هەبووە.

3 – لە ئەنجامی خوێندنی ئەم وانەیە خوێندکار ئاشنا دەبێت بەو سەرچاوانەی باسی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەکەن .

4 – شارەزابوون لەمۆدێل و گۆڕانکارییەکانی ئەدەب بەراورد بەڕابردوو . هەرڕێبازێک تایبەتە بەسەردەمێکی دیاریکراوەوە ، دوای کزبوونی ڕێبازێک ، لەئەنجامی گەشەو گۆڕانی کۆمەڵگاکانەوە، ڕێبازێکی نوێ سەریهەڵداوە.

---

16. Course Reading List and References-1

سەرچاوکانی کۆرسەکە:

1 – ڕێبازە ئەدەبییەکان، هیمداد حسێن و سەنگەر نازم، ٢٠١٨، هەولێر..
2 – ڕێبازە ئەدەبییەکان ، فەرهاد پیربال، ٢٠٠٦، هەولێر..
3 – ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئازاد عبدالواحید، ٢٠٠٨، کەرکوک .
4 – ڕێبازی ڕۆمانتیک لەئەدەبی کوردیدا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، ١٩٨٩، بەغداد .
5 – هیمداد حسێن، ئەدەبی نوێی کوردی، ٢٠٢١، هەولێر. .
6 – سوریالیزم لەئەدەبی نوێی کوردیدا، حمەمەنتک، ٢٠١١، دەزگای ئاراس، هەولێر .
7 – نووسینی ئۆتۆماتیکی کوردی، سالار کەریم حسێن، ٢٠١٩، زانکۆی چەرموو.
8 – قوتابخانە ئەدەبییەکان ، و. حمەکریم عارف، ٢٠٠٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**17. The Topics:**

In this section the lecturer shall write titles of all topics he/she isgoing to give during the term. This also includes a brief description of the objectives of each topic, each term should include not less than 15 weeks

| Weeks | Topics (Chapters) | Course Requirements |
|---|---|---|
| 1 | ڕوونکردنەوەی کۆرس بووک و سەرچاوەکان. ڕێبازی ئەدەبی و هۆکاری سەرهەڵدانی | Quiz #1<br>Assignment #1 |
| 2 | جیاوازی نێوان ڕێباز و شەپۆل، جۆرەکانی ڕێباز | |
| 3 | ڕێبازی کلاسیک / کویز | |
| 4 | جیاوازی ڕێبازی کلاسیکی کوردی و ئەوروپی | |
| 5 | ڕێبازی ڕۆمانتیک و بنەماکانی | |
| 6 | ڕۆمانتیک لەئەدەبی کوردیدا | |
| 7 | هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیک | Midterm Exams |
| 8 | جیاوازی نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیک | |
| 9 | تاقیکردنەوەی ناوەڕاستی وەرز | Quiz #2<br>Assignment #2 |
| 10 | ڕێبازی ڕیالیزم لەڕۆشنبیری ئەوروپادا | |
| 11 | بنەماکانی ڕیالیزم لەئەدەبدا | |
| 12 | ڕیالیزم لەئەدەبی کوردیدا | |
| 13 | ڕێبازی سوریالیزم و سەرهەڵدانی و بنەماکانی سوریالیزم | |
| 14 | شیعری سوریالیزمی کوردی و نموونەی شیعری | |
| 15 | Revision Week | |
| **Final Exam** | | |

## 18. Practical Topics (If there is any)

In this section The lecturer shall write titles of all practical topics he/she is going to give during the term. This also includes a briefdescription of the objectives of each topic, date and time of the lecture

**19. Examinations:** شێوازی تاقیکردنەوەکان : شێوازی پرسیاری جۆراوجۆری لەم شێوە پرسیارانە لە خۆدەگرێت

پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

١- ڕێباز ٢- شەپۆل ٣- کلاسیک (٦نمرە)

پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەدەستەواژەی گونجاو پڕبکەرەوە .

١-...............

٢-.................... (٥نمرە)

٣-...............

٤-......................

پ٣/ بابەتی ڕێبازی سوریالیزمی کوردی بەنموونەی شیعری ڕوونبکەرەوە (٦نمرە)

پ٤/ بەکورتی باسی ڕێبازی ڕۆمانتیک بکە . (٨نمرە)

مامۆستای بابەت: نیگار عبدالله کریم

بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەموو خوێندکاران

**20. Extra notes:**

Here the lecturer shall write any note or comment that is not covered in this template and he/she wishes to enrich the course book with his/her valuable remarks.

**21. Peer review** **پێداچوونەوەی هاوەڵانە**

This course book has to be reviewed and signed by a peer. The peer approves the contents of your course book by writing few sentences in this section.

(A peer is person who has enough knowledge about the subject you are teaching, he/she has to be a professor, assistant professor, a lecturer or an expert in the field of your subject).

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند وشەیەک بنوسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.